# نامەیەک لەلایەن کوردەئاوارەکانی سنووری عێراق - ئۆردەنەوە!

بۆ ڕای گشتی و بۆ نەتەوەی کورد!
بۆ کۆڕ و کۆمەڵ و ڕێکخراوە و حیزب و پارتی کوردی و کوردستانیی!

ئێمە پەنابەرانی کوردی ڕۆژهەلاتی کوردستان، قوربانیی سیاسەتەکانی کۆماری داگیرکەری ئیسلامی ئێرانین، کە بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕی ماڵوێرانکەری نێوان ڕژێمەکانی داگیرکەری عێراق – ئێران، ئاوارە و پەرێوەی ولات بووین و ڕوومان لە عێراق کرد. ڕژێمی عێراق لە ئۆردووگای "ڕۆمادی" (ئەڵتاش) نیشتەجێی کردین. لەوساتە بەملاوە و بۆ ماوەی چارەکە سەدەیەک، لەو ئۆردووگایە ژیانمان بردەسەر کە بێبەشبووین لە ناسنامە و لە هەموو مافێکی مرۆڤی و پەنابەرێتیی.

پاش ئەوەی ئۆردووگای ئەڵتاش و عێراق بەگشتیی، کەوتەبەر هێرشی بەربلاوی ئەمریکا و هاوپەیمانانی، ئێمە پەنابەرانی ئەڵتاش، کەوتینە بەرهێرشی عەرەبە ڕەگەزپەرستەکان و بە دەیان کەسمان لێ ڕفێندران و درندانە شەهیدکران و، چەندین کەسمان، لەوانە وەک شەیبانی عەزیزی و شاهۆ عەباسی، ئەندام و لایەنگری حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بوون کە شەهیدکران.

ئەوە بوو بۆ پاراستنی گیانی خۆمان و، گەیشتن بە ژیانێکی مرۆڤانە و کۆتایی هێنان بە چارەکە سەدەیەک کۆیلەتی و بەشمەینەتی و بێ ناسنامەیی، لە ڕۆمادی و ئۆردووگای ئەڵتاش هەلاتین و، بەرەو سنووری ئۆردەن ڕێکەوتین، بەڵکو بە گەیشتنمان بە ئۆردەن، کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بێن بە هانامەنەوە، بەلام بە داخەوە حکوومەتی ئۆردەن، ئیزنی نەداین برۆینە نێو ولاتەکەیەوە، بەناچاری لەنێوان سنووری عێراق – ئۆردەن دا ماینەوە.

ئێستاکە ماوەی ساڵێکە لەسەر سنووری ئەو دوو ولاتەدا ژیان دەبەینەسەر. لەم ماوەیەدا تەنیا جارێک کۆمیسارییای بەرزی پەنابەران سەردانی ئێمەی کردووە. لەو سەردانەدا پێیانڕاگەیاندین کە حکوومەتی ئۆردەن بەهیچ شێوەیەک ڕێگەتان نادات بچنە نێو ولاتەکەیەوە. ئێمەش ناتوانین لەم سەر سنوورەدا پارمەتیتان بکەین. ڕێگەچارە ئەوەیە ئێوە بگەڕێنەوە بۆ عێراق!

ئێمە لەوەرامی کۆمیسارییای بەرزی پەنابەراندا گوتمان: "ماوەی ساڵێکە ئێمە لێرەین و لە هەموو پێداویستییەکی ژیان بێبەشین و، لەڕاستیدا لەرێی سوالکردن و پاڕانەوە لەو شۆفێر و هاژۆری ئۆتۆمۆبیلانەی کە بەجادەکەدا هاتوچۆ دەکەن، داوای پووڵ و پارە و خواردن دەکەین لێیان و، ژیانێکی پڕ ئازار و چەرمەسەری و تاڵ دەبەینەسەر.

تاکو ئێستا چوار ژنی دووگیان، بەهەزاران بێبەختی و نەبوونی خانوو و جێگە و نەبوونی خواردن، لەنێو ترس و دڵەڕاوکێ، منداڵەکانیان بووە. هەروەها دوو دایک و دوو کچی تەمەن حەوت ساڵ و پێنج ساڵ سووتاون، کە بەداخەوە لەهیچ کام لەو دوو حاڵەتەدا، نە ڕێکخراوەی تایبەت بە پەنابەرانی سەر بە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و، نە ڕێکخراوە خێرخوازەکان و، نە حکوومەتی ئۆردەن، هیچکامیان هەنگاوێکیان هەڵنەگرت بۆمان، کە بە شێوەی کاتیش بووبێ ڕێگە بدەن بۆ چارەسەرکردنیان بچنە نێو ئۆردەنەوە.

لەماوەی ئەو یەکساڵەدا، لەو هەل و مەرجە سەخت و دژوارەدا کە ئێمە تێیدا دەژین، لەگەڵ زۆربەی پارتە کوردییەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان پێوەندیمان گرتووە و، داوامان لێکردوون کە یارمەتیمان بدەن و کارێکمان بۆ بکەن، کەچی بەداخەوە بۆ تەنیا جارێکیش پێوەندییان لەگەڵ نەگرتووین و یارمەتییان نەداوین و هاوکارییان نەکردووین. تەنیا چەند کەسایەتییەکی کوردی سەربەخۆ سەردانیان کردووین و هیچی دیکە.

تاوان و گوناهی ئێمە بێجگە لە کوردبوون و،

«بۆ لاپەڕە ۲۳»